# قایمقامی سۆران لە وەڵامی

## هاووڵاتیان:

## کۆڵان و شەقامەکان قوڕولیتەن و قوتابخانەکان لە ئاست پێویستدا نین

## قایمقامی سۆران:

## بەو بودجە کەمە هەموو داواکاری و پێداویستی خەڵکی لەماوەی ساڵێکدا دابین ناکرێت

سەر لەبەری بەیانی بوو گەیشتینە سۆران و لەگەڕەکی بەختیاری چەند هاووڵاتیەکمان بەسەر کردەوە، هەر زوو ئاپۆڕای خەڵکی لەو گەڕەکە هەژارنشینە هاتنە دەرەوەو کەوتنە رەخنەو گلەیی لە ئاست نزمی خزمەتگوزارییەکان، دیمەنی قوڕو لیتەو راکێشانی سۆندەی ئاوو وێرانی شەقامەکە هەمووی راستی قسەکانیانی دەردەخست. هاووڵاتی حەسیبە عەلی کە دانیشتووی ئەو گەڕەکەیە پێی وابوو:(گەڕەکەکەیان لە رووی خزمەتگوزارییەوە زۆر فەرامۆش کراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆڵان و شەقامەکانی ئەم گەڕەکە جگە لەوەی بێسەروبەرە هەر هەمووی لە وەرزی زستانان قوڕو لیتەیە و بنکەی تەندروستی نییە و منداڵەکانیان بۆ خوێندن دەچنە گەڕەکی تر و تا دەگەنە قوتابخانە ماوەو ڕێگایەکی دوور دەبڕن)،خاتوو حەسیبە زیاتریش وتی: بەهۆی نەبوونی قوتابخانە ناچار منداڵەکانمان دەچنە ئەو دیوی شەقامە سەرەکییەکە، هەر بۆیە لە کاتی پەڕینەوەدا هەر ئەو ساڵ چوار منداڵی گەڕەکەکەمان ئۆتۆمبێل لێیداون. لە لایەکی تر ژمارەیەك لەهاووڵاتیانی ئەو گەڕەکە نەبوونی ئاوەڕۆیان بەیەکێکە لە گەورەترین گرفتەکان دانا بەرادەیەك نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییە وایکردووە لە وەرزی هاوین و گەرمادا بۆنی ناخۆش دانیشتوانی گەڕەکەکە هەرەسان بکات و هۆکارێکی سەرەکی تووشبوون و بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشییە . هاوڵاتی ئەحمەد عەلیش پێی وابوو پێویستە حکومەت مشورێکی گرفتی ئاویش بخوات کە ڕۆژێك نا ڕۆژێك ئاو دەدرێت بە زۆربەی گەڕەکەکانی سۆران. عەبدال ئەنوەریش هاووڵاتییەکی تری ٨٤ خانووە حکومییەکانی گەڕەکی بەختیارییە وتی: تۆڕی ئاوی خواردنەوەمان خراپە و بەردەوام بۆڕی ئاوی ماڵەکان دەشکێت و بێ ئاو دەبین. هەروەها لە ڕێگای سەرەکی جوندیان لە نزیك گەڕەکی شەهیدانی جوندیان دوو لاومان دیت یەکێکیان بە ناوی ڕێبوار بوو کە گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان لەبارەی نەبوونی سەنتەرو شوێنی کات بەسەربردنی لاوان هەبوو و باسیان لەوەش کرد کە هەندێك دابونەریت ڕێگرە لەبەردەم خواستەکانیاندا. هەروەها هاووڵاتییەکی تر بە ناوی یونس عوسمان باسی لەوە کرد بڕیاربوو لە وەرزی زستان سێ بەرمیل نەوت وەرگرن، گەرچی تا ئێستا لە هەندێ شوێن یەك بەرمیل یا دوو بەرمیل وەرگیراوە هەر چەندە دەزانین کە ئەو ناوچانە زستانەکەی زۆر ساردە، سەرەڕای ئەوەش ئێستاکە کارەبایەکەشیان خراپە.

هەروەها لە گەڕەکی کانی فارس سورچی هاووڵاتییەکی تری ئەو شارە لەسەر کەموکوڕییەکان هاتە دوان و وتی: ئەگەر سەیری کۆڵانەکانی گەڕەکی کانی بکەین زۆر تەسکە و سەرتاپاشی قوڕو لیتەیە و نەبوونی ئاوەڕۆ زیاتر گەڕەکەکەی پیس کردووین و ئاومان باش نییە و لە ڕێگای تانکەرەوە ئاو بەسەر ئەو کۆڵان و ماڵانە دابەش دەکرێت کە بێئاون. پۆلیسێکی هاتوچۆشمان لە کاتی ئەرك و ئیشی خۆیدا دواند و گلەیی و گازاندەی لەوە هەبوو کە لە لایەن هەندێ کەس و هاووڵاتییەوە ڕێز لە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ ناگیرێت و هەر بۆیە هەندێ حاڵەتی ناخۆشیش لەسۆران ڕوویانداوە.



# ڕەخنەو داواکاری هاووڵاتیان دا





**ڕێگاو کۆڵانەکان بێسەروبەرەو مایەی بێزارین**

**قوتابخانە لە هەندێ گەڕەکەوە دوورە**

**سیستەمی دابەشکردن و وەرگرتنی نرخی کارەبا کۆنە**





کرمانج عزت قایمقامی قەزای سۆران



### هەندێ لە خانووەکان تاپۆ نەکراوە

سۆران کە لەدەفەرەکەدا بەگەورەترین گرتبوونەوەی دانیشــتوان دادەنرێــت و لەم دواییەشــدا کرا بە ئیدارەیەکی ســەربەخۆ بەڵام ژمــارەو قەبارەی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەئاست ئەم فراوانبوونەدا نییەو نەشتوانراوە لەرووی پراکتیکییەوە ئەم ئیدارە ســەربەخۆیە چــالاك بکرێــت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنــەوە هاوڵاتیــەك بەنــاوی هەبنی ئەحمــەدەوە کە ماوەی ٤ ســاڵە زەوییەکەی بەر شــەقام کەوتووە بێزاری خۆی دەربڕی بەوەی بۆ هەندێك مامەڵە دەبێت بچیت بۆ فەرمانگەکانی هەولێر ئەمــەش کات و خەرجــی و رۆتینێکی رادەبــەدەرەو لەگــەڵ بەئیداربوونــی ســۆران ناگونجێت. لەلایەکی ترەوە کێشــەی تاپۆکردنی خانووەکانیش هەیە لەمبارەیەوە هاووڵاتی هاشــم محەمەد وتی: هەندێــك لەو خانووانە تا دەگاتە نزیك ماڵەکەی ئێمە تاپۆ کراوە و ئەوانی تر تاپۆ نەکراوە گوایە بەر شــەقام دەکەوێت، لە لایەکی تــر ئەگەر ئەو خانووانەی ئێمە بەر شــەقامەکە دەکەوێــت دەتوانن بە زەوی و پارە لە شــوێنێکی تــر قەرەبوومان بکەنەوە ئێمــە ئێرەیان بۆ چۆڵ دەکەین، چونکە ئێســتا لە هەموو روویەکەوە بێ خزمەتگوزارین و فەرامۆشکراوین.

## هاووڵاتیانی گەڕەکی بەختیاری لەچاوەڕوانی پرۆژەی خزمەتگوزاریدان

### نەبوونی ئاوەڕۆ کێشەیەکی سەرەکییە

فارس محەمەد لەسەر کەموکوڕی و کێشەکانی ناو سۆران و هەندێ لە گەڕەکەکان وتی: بەگشتی دەتوانم بڵێم هەندێ گەڕەك و کۆڵان هەیە لە شێوەی ژیانی گوند لە ناو شــارێکدا دەچێت و لەڕووی ئەندازەییــەوە بێســەروبەرییەکی زۆر لە هەندێ گەڕەك هەیەو شوێنی خزمەتگوزاری تێدا دیاری نەکراوە بۆ نموونە بۆ باخچەو قوتابخانەو بنکەی تەندروســتی و دەتوانم بڵێم بێســەروبەرترین شار سۆرانەو خراپترین و بێسەروبەرترین فەرمانگەش لەم شــارە شارەوانییە و کێشەی تاپۆش لە سۆران زۆرە و بێ چارەســەر ماوەتەوە، بەڵام لە بواری کۆکردنەوەی زبڵوخاشاك زۆرباشین بەتایبەتی لە پاش ئەوەی کۆمپانیا بەو ئیشە هەستاوە.

### تۆڕی کارەبای بەشێك لە گەڕەکی دیلمان خراپە

لە سەردانێکمان دا بۆ گەڕەکی دیلمان کە لەوێ کۆمەڵێك هاووڵاتی ڕاوەســتابوون و یەکێکیان بە نــاوی عەبدولڕەحمان هەرکی وتــی: نەبوون و کۆنی تۆڕی دابەشــکردنی کارەبایە لە بەشێکی گەڕەکەکــە و کەمــی مــاوەو بــڕی کارەبا بە گرفتێکی سەرەکیمان دادەنرێت، تا ئێستا کارەبای ســۆران بەگشــتی زۆر خراپە و بەپێی پێویست نییە و زیاتر پشت بە کارەبای مۆلیدە ئەهلیەکان

## هەموو بودجەی وەزارەتی پەروەردە بێنین بەشی پرۆژەی قوتابخانەو پەروەردەی سۆران ناکات

دەبەســترێت. هەروەها خەڵکی سۆران بەگشتی زۆر بەکەمی خەڵك هەیە پارەی کارەبای حکومی بدات، هۆکارەکەش بــۆ ئەوە دەگەڕێت گەران و سستەمی پارە کۆکردنەوەکە زۆر خراپە و هەندێ جار بە شەش مانگ جارێك دێن .

* * *

**شــاری ســۆران لەبــواری خزمەتگوزارییــە گشتیەکاندا چەند پرۆژەو کارێکی بۆ ئەنجامدرا، بەڵام بەو پێیــەی بەیەکێك لەو دەڤــەرە فراوانە دادەنرێــت کە١٧٢ هەزار کــەس لەخۆدەگرێت و بەسەر شــارەکەو ٣ ناحیەو ٤٥٠ گوند دابەشبووە و سنوورێکی فراوان پێك دەهێنێت و بەخێرایەکی پێوانەیــی گــەورە دەبێت، هەربۆیــە بەبەردەوام هاوڵاتیانی ئەم دەڤەرە لەچاوەڕێی پرۆژەو کاری نوێ دان . ئەگەر ســەیری ناو گەڕەك و شارەکە بکەیــن دەبینین لە زۆر بــواری خزمەتگوزاری پێبەشــە یا کەموکوڕی بەرچــاو دەکەوێت و ئەو کەموکوڕیانەش لە لایەن هاووڵاتیانەوە گلەیی و نارەزایی لێکەوتۆتەوە، بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەو بابەتە ســەردانی قایمقامیەتی قەزای سۆرانمان کردوو چەند پرســیارێکمان ئاراســتەی کرمانج عزەت قایمقامی قەزای سۆران کرد.**

* * *

### نەبوونی ماستەرپلان و دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە

ســەبارەت بەگلەیی هاووڵاتیان لە کەموکوڕی و نەبوونی هەندێ لە خزمەتگــوزاری قایمقامی قــەزای ســۆران وتــی: گەرچــی گلەیی و کەموکوڕیەکان بەراورد بەساڵانی رابردوو کەمتر بوونەتەوە بەڵام کەموکوڕیش هەرماوە، ئەمەش بۆ فراوانبوون و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانەکەی دەگەڕێتــەوە، ئەمــە جگە لەبوونی کێشــەی زێدەرۆیی بەتایبەتی ئەو زێدەرۆییانەی لەســەر شــوێنی زەوی قوتابخانــەو پــارك و بنکەی تەندروســتی دروســت کراون. شــاری سۆران لەســەرەتاوە بە شــێوەیەکی ناسروشتی دروست بووە و ماســتەرپلان بۆ نەکرابوو بە شــێوەیەکی ســەردەمیانە وەکو ئەوەی ئێستا پیادەکراوە بۆیە هەر ئەوەی دەهاتە شــارەکە بەبێ ڕەچاوکردنی بنەما ســەرەکییەکانی شــار خانووی درووست دەکرد، هەر لەبەر نەبوونی ماستەرپلانە ئێستاش لە هەندێ شــوێن کێشەمان بۆ هاتۆتە پێش هەر وەکو کۆتایی شــەقامی جوندیان شارەکە لەگەڵ گوندێــك تێکەڵ بووە و ئەمەش بۆتە حاڵەتێکی ســەیر وهەندێك ماڵ کەوتونەتە سەر شەقامەکە، هەر بۆیە کۆتایی شــەقامە جووت ســایدەکەی جوندیان لەو شــوێنە بۆ ماوەیەکە ڕاوەســتاوە، هەروەها کێشــەیەکی گەورەتریــش هەیە ئەویش کێشەی نەبوونی دەسەڵاتی لامەرکەزییەتە واتە دەسەڵاتی ئیداری لەسەرەوە بۆ خوارەوە دانەبەزیووەو بە پێی پێویســت دابەش نەبووە، هەروەها بودجە لەســاڵی ٢٠١١ لە مانگی شــەش پەسندکرا و پاش ئەوەش تا بودجەکە لە ســەرۆکایەتی هەرێم پەســندکراو پرۆژەکان خرایە پــلان و تاوتوێکرا و درا بەتەندەریــن لە مانگی ١٠ەوە دەســت بە کارکردن لەســەر پرۆژەکان کرا، پێداویستی ئێمە وەکو شــاری سۆران زۆر لەو بودجەیە زیاترە هەر بۆیە ناتوانین هەموو کەوکوڕی و داواکاریەکانی خەڵك لە ماوەی ساڵێك دابین بکەین، بەڵکو کارو ئیشەکان بەرنامەی بەردەوامە، هاوکات نەبوونی کۆمپانیای هونــەری یەکێکە لــەو لایەنانەی کاریگــەری خراپی لەســەر ئیــش و کارەکان درووست کردووە، چونکە کۆمپانیا خوماڵی هەیە مۆڵەتی وەرگرتووە، بەڵام تواناو ئامێری پێویست و ئەزموونی کارکردنیان نییە، ســەرەڕای هەموو ئەمانە بودجە و بڕی بودجە کاریگەری لەســەر پرۆژەکان هەبووە و لە کابینەی پێنجەمدا هەموو ســاڵەکان بودجەیەکی زیاتر و تایبەت بۆ شاری سۆران تەرخان دەکرا.

### تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆییەکان

ســەبارەت بەوەی بڕیارێك لە پەرلەمان باســی لەسەر کرا کە ئەو خانووانەی زێدەڕۆن تاپۆ بکرین قایمقامی قەزای ســۆران وتی: هەر لەسەرەتای کابینــەی شەشــەمەوە لیژنەیەکــی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە ومن و دەســتەیەك لە سۆران ئەندامین لەو لیژنەیە و تایبەتمەندیەك بۆ شاری سۆران ڕەچاوکرابوو کە ئەو خانووانەی لەشوێنی نیشتەجێبوون بە زێدەڕۆیی دروستکراون لەســەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکرێت، بەڵام کێشەی ئێمە لەوەدابوو کە نەخشــەی شارەکەمان جێگیرو پەسند نەکرابوو، هەروەها هەر شوێنێك سەوزایی و شوێنی خزمەتگوزاری بێت بەپێی ماستەرپلان



ئــەوە ناتوانرێت دەســتكاری بكرێــت بۆیە ئەو خانووانەی لەو شــوێنانە زێدەڕۆییــان كردبێت ناكرێتە شــوێنی نیشــتەجێبوون و پێویستە بۆ ئەوانەش حكومەت بڕیارێكی تر بدات و بەدیلێك بۆ خەڵكەكــە بدۆزرێتەوە . لە كاتی خۆی و لە ساڵانی ڕابردوو دەستێك هەبووە كە وایكردووە ئەو زێدەڕۆیانــە بكرێت، ئەگەر وا نەبێت خەڵك چۆن دەتوانێت ئەو زێدەڕۆیانە بكات و ئەو دەســت و كەســانە بەرپرس و خەڵكی تریش بووینە، بەڵام ئێســتا ئەو دەست و كەســانە نەماوە و خەڵكی كەمتر شــوێنی زێدەڕۆیی دەكرن و بڕیارەكانی جەنابی سەرۆكی هەرێم لەمبارەوە ئەرك و باری سەر شــانی ئێمەی زۆر ئاســان و كەم كردەوە، لەكاتی هاتنم لە ســۆران دەســتبەكاربووم تەنیا لە ٣٪ی ئەو شــارە خزمەتگوزاری هەبوو، بەڵام ئێستاكە ٨٥٪ی شارەكە خزمەتگوزاری بۆ كراوە و لە ساڵی داهاتوو ئەو ڕێژەیە دەگاتە ٩٥٪.

**هەر كۆمپانیایەك لە كارەكانی دوابكەوێت سزا دەدرێت**

ســەبارەت بەدواكەوتنی ئەنجامدان و تەواوبوونی پــرۆژە خزمەتگوزارییــەكان قایمقامی قەزای سۆران وتی: یاســا ڕێگای پێداوین لێپێچینەوەو ســزای كۆمپانیــای كەمتەرخــەم بدرێت، هەر بەڵێندەر و كۆمپانیایەك لە پرۆژەیەك دوابكەوێت ڕۆژانە ســزای یەك ملیۆن و نیو دیناری لەسەر حیساب دەكرێت.

**٩ قوتابخانە دروست دەكرێت**

ســەبارەت بەوەی هەندێ گەڕەك و شوێن لە ناو ســۆران كێشــەی نەبوونی قوتابخانەیان هەبوو قایمقامــی قەزای ســۆران وتی: لــە هەندێ شــوێن و گەڕەك كێشەی بینایەی قوتابخانەمان هەیــە هەر بۆیە لە ســاڵی ٢٠١٠دا ٤ بینایەی قوتابخانە دروستكراو لە ساڵی ٢٠١١و ٢٠١٢لە ناو سەنتەری ســۆران ٩قوتابخانەی ٢٧پۆلی و ١٨پۆلی دروســت دەكرێت، بــەڵام گەورەبوونی بەردەوامی شار پێداویســتی هەر دەمێنێت بۆیە



## كۆمپانیا خوماڵی هەیە مۆڵەتی وەرگرتووە، بەڵام ئامێر و ئەزمونی كاركردنی نییە

دەبێت بەرنامەی بەردەوام لەمبارەوە پیادەبكرێت. هەموو بودجــەی وەزارەتی پــەروەردە بێنین لە سۆران پرۆژەی قوتابخانەو پەروەردەی پێ ئەنجام بدەین بەش ناكات.

**سیستەمی بەڕێوەبردنی ئیدارە پێویستی بەگۆڕانكارییە**

سەبارەت بە ئەدای بەڕێوبەرەكانی فەرمانگەكانی سۆران كە لەلایەن هاوڵاتیانەوە گلەییان لەسەریان هەبوو قایمقامی سۆران وتی: لە سەرەتای درووست بوونی ئەو شــارەوە كێشەی شارەوانیمان زۆربووە و شــارەوانیش فەرمانگەیەكی گرنگ و پێویستە، بەڵام ئێستاكە شارەوانی كەوتۆتە سەر ڕێچكەی خۆی، لەگەڵ ئەمەش دا پێویستە سیستەم چاك بكەین، كێشــەی ســەرەكی بەڕێوبردنی ئیدارە لەسەرتاســەری هەرێمی كوردســتان ئەوەیە كە سیستەمەكە هەڵەی تێدایە.

**زێدەڕۆیی لەسەر كارەبا زۆرە**

ســەبارەت بە بــواری كارەبا كــە خەڵك گلەیی لەســەر تۆڕی ناوخۆیی كارەبــا هەیە قایمقامی ســۆران وتی: زێدەڕۆییەكی زۆر لەســەر تۆڕی كارەبا هەیەو كرێــی كارەباش بەدەگمەن دەدرێت، خەڵكانێكیش هەن لە گەڕەك و كۆڵانەكان قبوڵیان نییە محاولــە لە بەردەمــی ماڵەكەیان دابنێین یا ســتوون و تۆڕی كارەبا بەنزیــك خانووەكەیان بروات و خەڵكێكی زۆر لە ژێر سەعاتی كارەباوە زێدەڕۆیــان كردووە، لە یەكێــك لە گەڕەكەكان لە ١٥٠٠ماڵ ٦٠٠خێزان لەژێر سەعاتی كارەباوە بە زێدەڕۆیی كارەبایان بردووە و ئەگەر كارەبایەكەیان ببڕین هەر هەموویان گلەیمان لێ دەكەن، لە پاشان وا پیشــان دەدرێت كە غەدرمان لە خەڵك كردووە، هاوكات سیستەمی دابەشــكردن و پێدانی كارەبا بە ماڵان كۆنەو پێویســتی بە سیستەمێكی تازەو پێشكەوتووە.

**لە هەندێ گەڕەك ئاو بە تانكەر بەسەر ماڵەكان دابەش دەكرێت**

ســەبارەت بە نەبوونی ئاوخواردنەوەو چۆنیەتی چارەســەركردنی ئەو گرفتــە قایمقامی قەزای ســۆران وتی: لــەو گەڕەكانەی كــە خەریكی گۆڕینی تۆڕی ئاوخواردنەوەین یا ســەرچاوەی ئاوەكەیان بۆ نۆژەن دەكەینــەوە بە تانكەر ئاویان بەســەر دابەش دەكەن، لەلایەكی تر خەڵك لەسەر تــۆڕی ئاوخواردنــەوەش زێدەڕۆیــی كردووە و ئاوێكــی زۆریش بەفیــڕۆدەدەن دەنــا ئێمە لە ٦سەرچاوە ئاومان بۆ خەڵكی خۆمان دابینكردووە و ئەو ئاوەی دەدرێت بە ســۆران بەبەراورد هەندێ هەموو ئەو ئاوەیە كە دەدرێت بە شــارێكی وەكو ئۆرمیێ. لەلایەكــی ترەوە هەندێك شــوێن لەناو ســۆران ئاوەڕۆیان نییە لە بەرنامەدان لە ساڵانی دادێت كاری لەســەر بكرێت و هەر دەبێت ئاوەڕۆ بۆ هەموو ناوشارەكە بكرێت.

**كارگەیەكی ڕیسایكلین بۆ سنووری سۆران پێویستە**

ســەبارەت بە كۆكردنەوەی زبڵوخاشاك و نەبوونی كارگەیەكی ڕیسایكلین قایمقامی قەزای سۆران وتی: لەڕووی كۆكردنەوەی زبڵوخاشاك لە دوای ئەوەی بە كەرتی تایبەت و كۆمپانیا دراوە كارەكە بەشێوەیەكی زۆر باش دەڕوات و كۆڵان و گەڕەك و بازارەكان زۆر پاكوخاوێنن، بەڵام كەموكورییەكمان هەیە ئەویش خۆرزگاركردنە لە زبڵوخاشــاكەكەو ئەوەش پێویستی بە كارگەیەكی ڕیسایكلینە.

**ماستەرپلانی گەشتوگوزاریمان نییە**

سەبارەت بەوەی كە گرنگی بە كەرتی گەشتوگوزار نەدراوە لە ناوچەكەدا قایمقامی قەزای ســۆران وتی: نەبوونی ماســتەرپلانی گەشتوگوزاری و بەدەنگــەوە نەهاتنی ئەم كەرتە لەلایەن حكومەت و كۆمپانیاكانــی ئەهلیــەوە وایكردووە شــوێنە گەشتوگوزارییەكانمان وێران و بێ خزمەتگوزاری بن، بۆ نموونە ئەگەر شــەوان بە ناوچەی گەلی عەلــی بەگ تێپەڕ بیت لایتــی ئۆتۆمبێلەكەت

## هەندێ گەڕەك و كۆڵان هەیە لە شێوەی ژیانی گوند لە ناو شارێكدا دەچێت

نەبێــت ترس و دڵتەنگی لێت دەنیشــێ، هەروەها شوێنێكمان هەیە بە ناوی ئیزقەلا كە شوێنەواری پاشــای گەورەیە ئەوە ماوەی زیاتر لە ٢٠ســاڵە هەرێمی كوردســتان ئــازادەو حكومەتی خۆمان هەیــە، كەچی نەهاتوونە ئەو شــوێنە گرنگ و مێژووییە نۆژەن بكەنەوە، دەتوانین بۆ زۆر شــوێن پرۆژەی گەشتیاری بكەین .

**دەبێت حكومەتی تازە بێتە ناو خەڵك**

لەكۆتایــی پرســیارەكانماندا قایمقامی قەزای سۆران وتی: پێموایە هەســتیارترین و قورسترین قۆناغەكانی بەڕێوبردنی ئیدارە كابینەی حەوتەم دەبێــت ئەوەش لەبەر چەنــد هۆكارێك، هۆكاری سیاسی و ئیداری و چاوەڕوانی خەڵك، بەتایبەتی چاوەڕوانی خەڵك گەیشــتۆتە ئاســتێك كە زۆر بــەرزە، دەبێت كاری ئەو حكومەتــە زیاتر نزیك بوونــەوە بێت لە خەڵــك و ڕۆتینیاتی مەكتەبی كەمتر بێت و كارەكان زیاتر مەیدانی و پراكتیكی بێــت، دەبێت پێوەندی لە نێوان حكومەت و خەڵك بە ڕاســتەوخۆ دروســت بكرێــت و داكۆكی و پارێزگاری لە ئازادی خەڵك بكرێت. سەركەوتنی ئەو كابینەیەش بەندە بە هاوكاری و پشــتگیری كردنی خەڵكی و پاڵپشتیكردنی پارتە سیاسیەكان بۆ پرۆژەو كارە خزمەتگوزارییەكان .